**ڕەشنووسی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی باڵای میدیا بۆ (ڕێکخستنی بواری ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەگەری)**
**بەناوی گەل**
**پەرلەمانی کوردستان**

**دیباجە...............................**

**م/1**
**بەحوکمەکانی ئەم یاسایە، بواری ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەگەری و پیشەی ڕۆژنامەنووسی و ژیانوگوزەرانی ڕۆژنامەنووسان ڕێکدەخرێت، دەسەڵاتی بەسەر سەرجەم پێکهاتەو دامەزراوەو دەزگاو سەنتەر و کۆمپانیاو ناوەندو ئامرازەکانی میدیا وخانەی چاپوبلاوکردنەوەو ڕۆژنامەگەری و پێگە ئەلیکترۆنیو ڕۆژنامەگەری چاپکراو و ئەلیکترۆنییەکان دەگرێتەوە، تەنها ئەو هۆکارەو ئامرزاو ئەکاونتە کەسییەکان نەبێت، کەبەپێی یاسابەرکارو ڕێنماییەکانی تایبەت بەمیدیا و میساقی شەرەفی ڕۆژنامەگەری، کاری لەسەر دەکرێت بۆ :**

1- **دەستەبەرکردنی مافی هاوڵاتیان لەگەیشت بەجۆراوجۆری بوارەکانی میدیا و ڕۆژنامەگەری ئازادو ڕاستگۆ.**
2- **بەهێزکردنو بەرفرەکردنی ئازادییەکانی ڕۆژنامەگەریو چاپوپەخشو ڕادەربڕینو ڕێکخستنی میدیا.**
3- **دەستەبەرکردنی مافی ڕۆژنامەنووسان بەکارکردنیان لە ڕاگەیاندنو میدیا جۆراوجۆرەکان بەپێی بنەمای ئیتیکی پیشەیی و یاساو ڕێنماییەکانی بەرکار.**
4- **پێشخستنی خۆبەڕێوەبەری لەکەرتی ڕۆژنامەگەریو میدیا بەگشتی لەسەر بنەمای یاساییو دیموکراسییداو بەدەستهێنانی داهات و وەبەرهێنان.**
5- **پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی لەگوتاری میدیای ناوخۆ و میدیای جیهانی کە لەهەرێمی کوردستاندا کار دەکەن.**

**م/2**
**ئەم یاسایە هەموو کەس و دامەزراوەیەك دەگرێتەوە کەلەبواری میدیا کاردەکەن بەشێوەیە پێویستە لەدوای شەش مانگ لەدەرکردنی ڕێنماییەکان خۆیان بەو پێیە ڕێك بخەنەوەو دامەزراوەو کارمەندانیان پابەبەند دەکەن.**

**م/3**
**پێناسەو چەمکەکان:**

- **ئەنجومەنی باڵا (دەکرێ هەر ناوێکی کورتکراوەی بۆ دادەنرێت بۆ ناسینەوە): ئەنجومەنی باڵای میدیا**
- **ڕۆژنامەگەریو میدیا: دەزگەکانی مییدیای بینراو بیستراوچاپەمەنیو ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنیو ئاژانسەکانی هەواڵ وە هەر شێوازێکی دیکە میدیایی بۆ جەماوەر(وەرگر المتلقی) دەگرێتەوە.**
- **ڕۆژنامەنووسی پیشەیی: ئەوکەسانەی کەلەبواری میدیادا کار دەکەن دەگرێتەوە، کەلەدەزگایەکی بینراو بیستراوچاپکراووئەلیکترۆنیو ئاژانسێکی هەواڵ کاردەکات/دەردەکەوێت/و خاوەنی پێناسی پیشەیی ڕۆژنامەگەرییە بەومەرجەی کە دەرچووی خولێکی ڕاهێنانو پێگەیاندنی ڕۆژنامەگەریی(ئەنجومەن ڕێکی دەخات) یان خاوەنی یەکێك لەبڕوانامەکانی کۆلیژ- پەیمانگاکانی ڕاگەیاندنو میدیا بێت.**
- **سەندیکا: سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کوردستان**

**م/4 ئەنجومەنی باڵای میدیا**
**ئەنجومەنی باڵای میدیا ،دەستەیەکی باڵای بەیاسا ڕێکخراوە و دەسەڵاتەکانی بەحوکمەکانی ئەم یاسایەو یاسا بەرکارەکانی دیکەی تایبەت بەبواری میدیا ڕێکخراوەو کار ئەرکوبەرپرسارێتییەکانی ناو ئەم یاسەیە دەکات.**

**م/5 دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن**

1- دەسەڵاتی دەرکردنی پەیڕەوی ناوخۆی هەیە بۆ هەڵسوڕاندنی کاری ئەنجومەنی باڵا.
2- دەربڕینی راوبۆچوون لەمەڕ پڕۆژە یاساکان، لەبواری تایبەتمەندی خۆیی.
3- پێدانی پێناسی پیشەیی بەرۆژنامەنووسانی کوردستان‌و بیانیەکانی کەلەکوردستان کاردەکەن.
4- دەسەڵاتی دەرکردنی رێنمایی هەیە بۆ رێکخستنی بواری میدیا بەشێوازە جیاجیاکان، دەسەڵاتەکان بریتین لە:

أ. پێدانی بڕیاری کۆتایی لەسەر پێشنیاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەدامەزراندنی دەزگای رۆژنامەنووسی چاپکراو.
ب. پێدانی بڕیاری کۆتایی لەسەر مۆڵەتی دەزگەو دامەزراوەکانی میدیای بواری بینراو بیستراو ئەلیکترۆنی و ژمارەییی....
ج. بڕیاری پیدانی مۆڵەتی کارکردنی نوسینگەکانی کەناڵەکانی میدیای بیانی‌و ئەنتەرناشیۆناڵ لەکوردستان، یان راگرتنی کارکردنیان.
د. بەدواداچوون بۆ سەرچاوەی دارایی کەناڵەکانی میدیا و دەزگەکانی راگەیاندن ، وەرگرتنی رێوشوێنی پێویست بەپێی رینمایی ئەنجوومەن.
هـ. دانانی رێوشوێن‌و پێوەر بۆ زەمانتکردنی پابەندنبوونی دەزگەکانی میدیا بەئیتیك‌و ئەخلاقیات‌و پیشەیی رۆژنامەنووسی.
و. دەرکردنی رینمایی بۆ پاراستنی مافی پیشەیی رۆژنامەنووس‌و میدیاکاران بەگشتی.صندوقی خانەنشینی...
ز. پیادەکردنی رۆڵی ناوبژی‌و تەحکیم لەکێشەو دەعواکانی نێوان دەزگاکانی میدیاو نێوان رۆژنامەنووسان.
ح. ئاسانکردنی رێوشوێنی وەبەرهێنان لەبواری میدیا و هونەر و کەلتور..
گ. دانانی رێوشوێنی پێویست بۆ رێکخستنی پیشەی میدیایی لەچوارچێوەی دەزگاندا بەتەنسیق لەگەل سەندیکا.
ی. وەرگرتنی تانەو شکات‌و بەدواداچوون‌و دەرکردنی بڕیار لەبواری میدیا لەنێوان دەزگەو هاوڵاتی‌و رۆژنامەنووساندا بەگشتی.ئەگەر ژیانی کەسییەکانی گرتەوە
ك. پشت بەستن بەداواکاری گشتی لەسەر مافی گشتی لەبواری میدیا.
ل. رێکخستنی بواری کاری نووسینگەو پەیامنێرو نێردەی میدیای جیهانی لەکوردستاندا.
م. پێدانی مولەتی کارکردنی کۆمپانیاکانی میدیا بۆ بەدواداچوونی رێژەی بینین‌و بەدواداچوونیان لەم بوارەدا پیشتراستکردنەوەی ئەنجامەکانیان.
ن. دەرکردنی بڕیاری کۆتایی لەپرسەکانی پەیوەست ( التأديب  تەمبێ کردن) ی دەزگاو رۆژنامەنووسان.
س. دیاریکردنی ماوەی ریکلام و چۆنیەتی و سەعاتی پەخش کەگونجاو بێت لەگەڵ سات‌و کلتوری جەماوەر.
ع. دیاریکردنی رێنمایی بۆ سیناریۆ و ناوەڕۆکی ریکلامەکانی بازرگانی کەبەدوور بێت لە توندوتیژی و سوکك کردن‌و ناڕاست‌و دروستی.
ف. کردنەوەی بەشی هاوکاری دەزگەکانی میدیای نیشتمانی و سەربەخۆکان بەپێی پێوەرو رێنمایی تایبەت..
ص. نەهێشتنی دەستوەردانی دەرەکی لەمیدیای کوردستانیدا و دەرکردنی رێنمایی پێویست...
ق. دەرکردنی رێنمایی پێویست بۆ رێکخستنی وەرگرتنی باج‌و رسومات لەسەر کەناڵەکانی میدیا و رێکلامەکانی بینراو بیستراو چاپکراو ئەلیکترۆنی.
ر. ریکخستنی بودجەی ساڵانی خۆیی‌و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی دەکات.
ش. کارکردن لەسەر دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بە کێشە یاساییەکانی بواری میدیاو رۆژنامەنووسان.
ت. رێکخستنی بواری ئابوونەداری لەرۆژنامەگەرییدا دەکات و کۆمپانیاکانی پەخش‌و دەزگەکانی میدیا پابەند دەکات.

م/6 ئەنجومەنی باڵا کارەکانی بەڕێوە دەبات لەڕێگای:

1- گفتوگۆ لەگەڵ دامەزراوەکانی میدیای لەهەرێمی کوردستاندا.
2- گفتوگۆ لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان
3- گتفتوگۆ لەگەڵ حکومەت و دامەزراوەکانی پەیوەندیدار.
4- گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەریو سەندکاورێکخراوەکانی هاوشێوەو یەکێتییەکانی پیشەییو هونەرمەندانو نووسەران
5- هەوڵدان بۆ دروستکردنی تۆڕی دەزگەکانی میدیای بینراو بیستراو و ئەلیکترۆنیو چاپەمەنی.
6- بەدواداچوون بۆ ئەدای رۆژنامەنووسان و دەزگەکانی میدیا ، بۆ پابەندی بەپیشەیی بوون.
7- کارکردن لەسەر گرێبەستی بەکۆمەڵی رۆژنامەنووسان لەگەڵ دەزگاکانی میدیا.
8- دەرکردنی رێنمایی بۆ رەخساندنی هەلی شکاتو داوای هاولاٌتیان لەسەر رۆژنامەنووسو دەزگەکانی میدیا.

م/7 پێکهاتەی ئەنجوومەن:

ئەنجوومەن ئەندامەکانی لەلایەن پەرلەمانولەسەر بنەمای سیڤی و رێوشوێنی تایبەت پێك دێت لەمانە:

- سەرۆکی ئەنجومەن...لەلایەن پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت.
- دوو نوێنەر لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵدەبژێردرێنو یەکییان دەبێتە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن .
- یەك نوێنەرلە بەڕێوەبەری یەکەمی کەناڵەکانی میدیا بەهەڵبژاردن لە تۆڕی دەزگەکانی بینراو بیستراو دیاری دەکرێت.
- یەك نوێنەری دەسەڵاتی دادوەری
- یەك نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیری
- یەك نوێنەری وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ یەك نوێنەری راوێژکار بۆ ئەنجوومەن دیاری دەکات.
- حکومەت نوێنەرێك بەشێوەی راوێژکار بۆ هەماهەنگی لەنێوان ئەنجومەنو حکومەت، دیاری دەکات.

م/8 پێوەری پێکهاتەی ئەندامێتی لەئەنجوومەن.

1- تەمەنی لە 45 ساڵ کەمتر نەبێت.
2- 15ساڵ کاری رۆژنامەنووسی پیشەیی هەبێت.
3- خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت.
4- حوکم نەدرابێت بە سزایەك کە ئابڕووبەر یان تاوانێکی سەلمێنراو.
5- نابێت ئەندامانی ئەنجومەن لەکاتی ئەندامێتیان هیچ بەرژەوەندییەکی لەدەزگایەکی میدیایی هەبێتو نابێت کارێکی دیکە جگە لەئەرکی ئەنجوومەن بکەن.
6- بەلانی کەم 5ساڵ بەرپرسی دەزگایەکی میدیایی بووبێت.

م/9 شیوازی کاری ئەنجومەن:

1. چوارساڵەو دەکرێت یەك خولی دیکە درێژبکرێتەوە.
2. سەرۆکی ئەنجوومەن سوێندی یاسایی لەبەردەم پەرلەمان دەخوات
3. ئەندامانی دیکەی ئەنجومەن بەبڕیاری کارگێڕیو بەئیمزای سەرۆکی ئەنجومەن دادەمەزرێن،
4. ئەنجومەن لەسەر داوای سەرۆك 2مانگ جارێك کۆدەبێتەوە یان بەسەرۆکایەتی جیگری یان کەسێکی دیکە لەکاتی ناکاو بۆی هەیە کۆبوونەوە بکات.

5. بەبڕیاری سەرۆك دوای بڕیاری ئەنجوومەن لیژنەی تایبەتمەند بۆ هەر ئامانجو ئەرکێك دروست .
6. لەکاتی یەکسانبوونی دەنگدانی ناو ئەنجوومەن ،دەنگی سەرۆك یەکلایی دەکاتەوە.
7. سەرۆکی ئەنجوومەن ئیمزای کۆتایی لەسەر هەموو بڕیارو راسپاردەو رینماییەکان دەکات.بۆی هەیە بەشێك لەدەسەڵاتەکانی بەجێگر یان هەر ئەندامێکی ئەنجومەن ببەخیشێت.
8. ناوەڕۆکی گفتگۆی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن نهێنییە، تەنها ئەنجومەن ئەو کۆبوونەوانە نەبێت کە بڕیاری ئاشکراکردنی لێدەدات‌و  سەرۆکی ئەنجومەن وتەبێژی فەرمییە.
9. ئەنجومەن چەند لیژنەیەکی هەمیشەیی دورست دەکات و بۆی هەیە لیژنەی ناکاویشی هەبێت، لیژنە هەمیشەییەکانی بریتیە لە:
   أ- لیژنەی پێناسی نیشتمانی بەرۆژنامەنووسان
   ب- لیژنەی ئیتیکی پیشەیی‌و کێشەکانی تەمبێ کردن‌و بەدواداچوون.
   ت- لیژنەی ناوبژی‌و تەحکیم. سەرۆکەکەی لەنوێنەری دەسەڵاتی دادوەری دەبێت.
   پ- لیژنەی دامەزراندن‌و دەزگەکانی میدیا و وەبەرهێنان.
   ج- لیژنەی دارایی‌و باج‌و رسوومات

م/10 کاری لیژنەکان:

یەکەم/ پێناسی پیشەیی رۆژنامەنووسان

1- پێناسی پیشەیی رۆژنامەنووسان ، بەژمارەیەکی تایبەت ی لەدۆسیەی رۆژنامەنووس تۆمار دەکرێت‌و مافی کاری پیشەیی رۆژنامەنووسی هەیە لەکوردستاندا.
2- هەموو رۆژنامەنووسێك کەلەدەزگەکانی میدیای نووسراو چاپ‌و بینراو بیستراو ئەلیکترۆنی کاردەکات‌و ماوەی 2ساڵی تەواوکردوەو پشتەوانەی سەندیکا، دوای وردبینی پێناسی پیشەیی کارکردنی پێدەدرێت.
3- هەموو رۆژنامەنووسێکی بەهەمان شوێنی کاری لەبرگەی یەکەم بەڵام کەمتر لە 2ساڵی هەیە بەشێوەی مەشقکار پێناسی نیشتمانی مەشقکاری پێدەدرێت.
4- هەموو رۆژنامەنووسێکی بیانی یان ناوخۆیی کەلەدەزگەی میدیای بیانی جیهانی یان ناوخۆ کاردەکەن بەهەمان پێوەری خاڵی 1 و 2 دوای وردبینی پێناسی پیشەییان پێدەدرێت بۆماوەی گرێبەستەکەی.

دووەم/ئیتکیی رۆژنامەنووسی‌و تەمبێکردن‌و بەدواداچوون

1- ئیتیکی رۆژنامەنووسی خۆی لەمیساقی شەرەفی رۆژنامەنووسی‌و ئیتیکی پیشەیی‌و دابی گشتی و ئەو یاساو رێسای رۆژنامەگەری بەرکارو رێنماییەکانی ئەنجومەن لەمبارەیەوە دەریدەکات، دەبینێتەوە.
2- رۆژنامەنووسان‌و دەزگەکانی میدیا و میدیای فەرمی حکومەت و کەرتی تایبەت، دەبێت پابەند بن بەئیتکی رۆژنامەنووسی‌و پیشەیی و بەپێچەوانەوە مەرج‌و رێکارە یاساییەکانی پێشلیکردنیان لەسەر دەسەپێت.
3- ئەو کردانەی بە هەڵەی پیشەیی دادەنرێت:
   أ- هەر پێشێلکردنێکی یاسایی‌و رێساو ئیتیکی رۆژنامەنووسی پیشەیی و رێنماییەکانی تایبەت، کرابێت.
4- بەدواداچوونی رێکارەکانی تەمبێ کردن لەیاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان، لەسزای دارایی و وەرگرتنەوەی پێناسی پیشەیی کاری رۆژنامەنووسی بەپێی مەترسی‌و هەڵەو پێشێلکاریەکە دیاری دەکرێت.
5- تەمبێ کردن‌و سزاکانی سەر دەزگەکانی میدیایی و رۆژنامەنووسان لەم یاسایەدا لەسەر ئەم بنەمایانە دەبێت:
   أ- هۆشداری پێدان بەبێ بڵاوکردنەوەی بۆ رای گشتی.
   ب- ئاگادارکردنەوە، ئەنجومەن بۆی هەیە بۆ رای گشتی بڵاوی بکاتەوە.
   ت- هۆشداری کۆتایی کە دۆسیەکەی کێشەکە بەشێوەی دەعوا لەئەنجومەن تۆمار دەکرێت‌و رێکای یاسایی‌و جێبەجێکردنی لەسەر دەسەپێت.

پ- لێستاندنەوەی پێناسی نیشتمانی پیشەیی رۆژنامەنووسی بۆ ماوەی ساڵێك، یان ئەو ماوەیی کە ئەنجومەن دیاری دەکات. لەکاتی دووبارەکردنەوە، پێناسی پێنادرێت.

ج- سزای دارایی پاڵپشت بەیاسای ژمارە 35ی ساڵی 2007 رۆژنامەگەرییە بۆ رۆژنامەنووسان، بۆ دەزگاکانی میدیا ئەنجومەن بۆی هەیە پێشنیار بداتە لایەنەکانی پەیوەندیدارەکانی حکومەت بۆ گرتنەبەری رێوشوێنە داراییەکانی سزادان و تارادەی راگرتنی مۆڵەتی کارکردن، حکومەت پێشنیارەکە لەماوەی 15رۆژ جێبەجێ دەکات.

ح- رێنمایی رودەکاری بەتۆمارێکی تایبەت لەلایەن ئەنجومەنەوە دەردەچێت، بۆ شێوازەکانی رێوشوێنی سزاکان، کەزیندانیکردنی تێدا نییە ، بۆ رۆژنامەنووسان . دەزگەو رۆژنامەنووس مافی هەیە تانە لەم بڕیارەی ئەنجومەن بدەن لەدادگای تەمیز.پاڵپشت بەم یاسایە.

سێیەم/ ناوبژی کردنو تەحکیم

1- لیژنە کار دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بواری میدیا لەسەربنەمای رکاربەری پیشەیی میدیایی و نەهێشتنی فۆرخکارییە، لەو کێشانەی لەنێوان رۆژنامەنووسان / دەزگەکانی میدیا / هاوڵاتیان و لەنێوان هەموویان دروست دەبێت.
2- کار لەسەر نەهێشتنی کێشەکان دەکاتو نێوەندگیری دەکات.تا گەیشتن بەرێککەوتن و پێکهاتن، کەدواجار بڕیاری ئیمزاکراو لەنێوان لایەنەکانی کێشە بەسەرپەرشتی ئەنجومەن کۆتایی پێدێت.
3- بۆ هاوڵاتیان و رۆژنامەنووس و دەزگەی میدیایی هەیە داوای ناوبژیکردن بکات و لەماوەی 3مانگدا لەرۆژی بڕیاری ئەنجومەن کاری لەسەر دەکرێت.
4- لیژنەی ناوبژیو تەحکیم بەسەرۆکایەتی نوێنەری ئەنجومەنی دادوەری دەبێت.
5- تەحکیم لەبەرژەوەندی رۆژنامەنووس و دەزگەی رۆژنامەنووسی دەکرێت بەپێی ئیختساسی ئەنجومەنی باڵای میدیا لەکوردستان.
6- تەمبێ کردن و سزادان لەلیژنەی ناوبژیو تەحکیم بۆ ئەنجومەن و لیژنەکانی پەیوەندیدار بەرز دەکرێتەوە.

چوارەم/دامەزراندنی دەزگەی میدیای جۆروجۆر

1- ئەنجومەن رێنمایی تایبەت بە چۆنیەتی دامەزراندنی دەزگەکانی میدیایی بینراو بیستراو چاپونووسراو ئەلیکترۆنی دەردەکات.
2- رێکخستنی لایەنی دارایی دەزگەکانی میدیا بەشێوەی شەفافو بەدواداچوون کاری لەسەر دەکرێت.
3- هەر دەزگەییەکی میدیایی ناوخۆ و بینانی جیهانی کە کار لەکوردستاندا دەکەن ، ژمارەی بانکی فەرمیان دەبێتو داهاتو سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی داهاتیان تێدا دادەنرێت و لەگەڵ بڕی دەستەبەری مولکایەتیو مۆڵەتو باجو مافی رۆژنامەنووسان مسۆگەر بکات.

پێنجەم/ لیژنەی داراییو باجو رسوومات

1- پرۆژەی بودجەی ساڵانەی ئەنجوومەن ئامادەدەکات.
2- بڕیارو راسپاردەو رێنمایی بڕیاردراوی ئەنجوومەن جێبەجێ دەکات.
3- تۆماری سەرچاوەکانی داهاتو خەرجی دارای ئەنجوومەن رادەگرێت لەسەر بنەمای سیستمی دارایی هەرێمی کوردستان.

م/10 سەرچاوەی دارایی ئەنجوومەنی باڵای میدیا

1- ئەنجوومەن پرۆژەی بودجەی ساڵانەی خۆی پێشکەش بەپەرلەمان دەکات.
2- 50٪ سەرچاوەی دارایی ئەنجوومەن لەلایەن پەرلەمان دابین دەکرێت و 50٪ی دیکە لەسەر داهاتی باجو رسومات و جۆرەکانی دیکەی داهات کۆی گشتی بوجەی ئەنجومەن پێك دەهێنێت.
3- ئابوونەی ساڵانەی پێدانی پێناسی پیشەیی رۆژنامەنووسان.
4- باج و رسوماتی مۆڵەتی دامەزراندن و ساڵانەی دەزگاکانی میدیا.
5- داهاتی سامانی گواستراوەو نەگواستراوە کە مولکی ئەنجومەنو مامەڵەی پێوە دەکات.

6- هەموو هاوکاری و دیاریەك كە کاریگەری لەسەر سەربەخۆیی کاری ئەنجوومەن نەکات.

م/11 لەکارکەوتن‌و پەککەوتنی سەرۆك و ئەندامێتی لە ئەنجومەن.

1- سەرۆکی ئەنجوومەن بەهەر هۆیەکەوە نەیتوانی کارەکانی بەڕێوە ببات، هەموو پێوەرەکانی پابەندی ئەندامی ئەنجومەنی لەسەر پەیڕەو دەکرێت.
2- لەکاتی نەمانی سەرۆك، جێگرەکەی یان ئەندامێکی ئەنجوومەن ئەرکی سەرۆکایەتی دەگرنە ئەستۆ تا تەواوبوونی ماوەی یاسایی ئەنجومەن.
3- ئەگەر کۆبوونەوە لەنیوە کەمتر ئامادەبوون ، سەرۆکی ئەنجومەن داوای کۆبوونەوەکی دیکە دەکات کەدوای 15رۆژ کۆبوونەوە بەژمارەی ئامادەبوان بەفەرمی ئەژمار دەکرێت.
4- ئەگەر 2 لەسەر 3ی ئەنجومەن بەهەر هۆیەکەوە نەیانتوانی لەکارەکانیان بەردەوام بن، پەرلەمان لەئەندامانی بەردەوامبوو بەمەرجی بەشداری ئەندامەکەی نوێنەری دەسەڵاتی دادوەری لیژنەیەکی کاتی بۆ رایی کردنی کارەکان پێك دەهێنێت‌و لەماوەی 6 مانگدا ، بڕیار لەسەر ئەنجوومەنێکی نوێ دەکات.
5- ئەگەر ئەندامێکی ئەنجومەن 3 کۆبوونەوەی بەدوای یەك لەکۆبوونەوە دابڕا، بەبێ هۆ ، ئەنجومەن بۆی هەیە کۆتایی بەئەندامێتی بهێنێت و کەسێکی دیکەی لەشوێنیدا دابنێت بەهەمان تایبەتمەندی‌و پێوەر.
6- حوکمەکانی لەکارکەوتن‌و پەککەوتنی ئەنجومەن لەپەڕەوی ناوخۆدا تۆماردەکرێن و رێنمایی تایبەت بەجێبەجێکردنی دەردەکرێت.
7- ئەگەر ئەندامێکی ئەنجوومەن پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆی کرد، ئەندامێتی لەدەست دەدات.

م/12 یاسای رۆژنامەگەری ژمارە 35ساڵی 2007

هەموو یاساکە بەرکارە تەنها ئەو ماددەو برگانە نەبێت کە ناکۆك دەبێت لەگەڵ ئەم یاسایەو رێنماییەکانی ئەنجومەن بەحوکمی ئەم یاسایە، باڵایی‌و ئەولەویەت بۆ یاسای ئەنجومەنی باڵایە.

م/13

بڕیارە جۆراوجۆرەکان

ئەنجومەنی باڵا لەدەرکردنی رێنماییەکانی سەبارەت بەبابەتەکانی پێویست بەرێکخستن، لایەنی دارایی و چۆنیەتی وەرگرتنی رسوماتی پێویست لەسەردەزگەکانی میدیای بڕیاردەدات و وەکو سەرچاوەی دارایی بۆ بەڕێوەبردنی خۆی بەکاری دەهێنێت بەپێی شێوازی فەرمی و شەفافیەتی دارایی و ساڵانە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی دەکات.

م/14

هۆکارەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە..

بۆ رێکخستنی بواری میدیا بەهەموو جۆرەکانی میدیا ومیدیای ئەلکیکترۆنی‌و شێوازی پێشکەوتووی ئامرازەکانی پەیوەندی کە لەمیدیادا سودی لێوەردەگرێت‌و بۆ رێکخستنی پیشەی رۆژنامەنووسی و ماف‌و گوزەرانی رۆژنامەنووسان‌و ئازادی کاری میدیایی‌و رۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستان‌و مافی هاوڵاتیان‌و پێویستییەکانی ژیانی هاوچەرخ و بەهێزکردن‌و بەرزکردنەوەی بەها مرۆیی‌و نیشتمانیەکانی تاکی کوردستان ، ئەم یاسایە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری لەسەردرا.

کۆتایی